# کۆرس بووکی بابەتی (فەلسەفەی زانست)

## م.ی. بەختیار کەریم

**پێشەکی**

فەلەسەفەی زانست یەکێکە لە لقەکانی فەلسەفە کە پەیوەندیی بە بوارەکانی دەرەوەی فەلسەفەوە هەیە. بەگشتی فەیلەسوف و زانستکاران کۆک نین لەسەر سروشتی فەلسەفەی زانست. تەنانەت ئەوانەش کە بەخۆیان دەڵێن فەیلەسوفی زانست کۆک نین لەسەر بابەتەکانی ئەم بوارە تایبەتمەندە. بۆ نموونە گفتوگۆیەکی بەناوبانگ هەیە لەنێوان (ستیڤن تولمین) و (ئێرنست ناگڵ) لەسەر ئەوەی ئایا پێویستە فەلسەفەی زانست بریتی بێت لە توێژینەوە لە دۆزینەوە زانستییەکان یان توێژینەوە و لێکدانەوەی چەمکەکانی لۆجیک (یان فەلسەفە بەگشتی). واتا هەندێک بۆچوون هەیە کە دەڵێن پێویستە فەلسەفەی زانست وەک بوارێکی زانست بخوێنرێت و بەپێی کەرەستە و میتۆدەکانی زانست کاربکات نەک فەلسەفە.

فەلسەفەی زانست هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1. تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی زانستیی چین؟ چی توێژینەوەی زانستیی لە لێکۆڵینەوەی ئاسایی جیادەکاتەوە؟
2. پێویستە زانستکاران پابەندبن بە چ رێکارێکەوە لەکاتی توێژینەوە لە سروشت؟
3. مەرجەکانی روونکردنەوەی زانستیی دروست چییە؟
4. پێگەی عەقڵیی رێسا و پرنسیپە زانستییەکان چین؟ جیاوازی نێوان زانستکاریی (کردنی زانست) و بیرکردنەوە لە زانست، یان پراکرتیکی و تیۆریی.

**ئامانج**

ئامانج لەم کۆرسە ئاشناکردنی قوتابییە بەو دیبەیتانەی لەسەر پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و زانست هەیە. قوتابی تێدەگات لەوەی پێشکەوتنە زانستییەکان چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر جیهانبیی و چەمک و چوارچێوە فەلسەفییەکان. هاوکات پێشکەوتنە فەلسەفییەکان بەدرێژایی مێژوو کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاراستەی زانست. هەروەها قوتابی ئاشنا دەبێت بە میتۆدی زانستیی بۆ توێژینەوە و جیاکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی لە گەندەزانست و بانگەشەی ئایدۆلۆجی و ئایینیی بەناوی زانستەوە.

## هەڵسەنگاندن

قوتابی دوو تاقیکردنەوەی وەرزیی لە کۆتایی هەر وەرزێکدا ئەنجام دەدات. هەر تاقیکردنەوەیەک پانزە نمرەی لەسەر دەبێت. چالاکیی ناوپۆل و ئەرکە رۆژانەییەکان پێنج نمرەی لەسەر دەبێت. لەسەدا شەستی نمرە سەدییەکە لەسەر تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ دەبێت.

## وەرزی یەکەم

### هەفتەی یەکەم

ناساندنی بابەتی فەلسەفەی زانست بە قوتابیان و پێشکەشکردنی کۆپیەکی (کۆرس بووک)ی بابەتەکە و لیستی سەرچاوەکان.

**چالاکیی**: پرسیار و وەڵام لەسەر پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و زانست. چی زانستە و چی زانست نییە؟

**ئەرک**: پەیوەندیی نێوان زانست و فەلسەفە چییە؟

### هەفتەی دووەم

پێناسەی فەلسەفەی زانست.

مێژووی فەلسەفەی زانست وەک بوارێکی فەلسەفە.

چالاکیی: کاری گروپ لەسەر پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و زانست.

### هەفتەی سێیەم

مێژوو و فەلسەفەی زانست

ئەرستۆ

### هەفتەی چوارەم

کاریگەری پێشکەوتنە زانستییەکان لەسەر چەمکە فەلسەفییەکان.

بەتلیمۆس

کۆپەرنیکۆس

**هەفتەی پێنجەم**

بنەما فەلسەفییەکانی زانست.

**هەفتەی شەشەم و حەوتەم**

پەیوەندی نێوان زانست و لۆجیک.

پەیوەندیی نێوان زانست و تیۆری زانین.

پەیوەندیی نێوان زانست و میتافیزیک.

چالاکیی: پەیوەندی/دژیەکی نێوان زانست و میتافیزیک.

**هەفەی هەشتەم**

بونیادی مەعریفەی زانست

**هەفتەی نۆیەم**

فرانسیس بەیکن

چۆنێتی بەدەستهێنانی مەعریفەی زانستی.

**هەفتەی دەیەم**

میتۆدە فەلسەفییەکان بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەی زانستیی.

**هەفتەی یازدەیەم**

ئیندەکشن، دیدەکشن و رێسا زانستییەکان.

**هەفتەی دوازدەیەم**

پێداچوونە و دەرئەنجامەکانی بەشی یەکەم

**هەفتەی سیانزەیەم**

تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم

## وەرزی دووەم

**هەفتەی یەکەم**

ئاراستە مۆدێرنەکانی فەلسەفەی زانست

**هەفتەی دووەم**

کۆڕی ڤییەنا

**هەفتەی سێیەم**

کارل پۆپەر

**هەفتەی چوارەم**

بونیادی شۆڕشە زانستییەکان

**هەفتەی پێنجەم**

تۆماس کون

**هەفتەی شەشەم**

ئیمری لاکاتۆش

**هەفتەی حەوتەم**

ریالیزم و دژەڕیالیزمی زانستی

**هەفتەی هەشتەم**

گۆڕانی تیۆریی

**هەفتەی نۆیەم**

فرەمۆدێلی و میتۆدی زانستەکان

**هەفتەی دەیەم**

**زانست و فەلسەفەی سەردەم**

**<u>هەفتەی یازدەیەم</u>**

**پێداچوونەوەی وەرزی دووەم**

**<u>هەفتەی دوانزەیەم</u>**

**تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم**